السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# بەڕاستی تەوبەیەکی کردووە ئەگەر دابەشبکرێت لە نێو حەفتا کەس لە خەڵکی مەدینە ئەوا بەشیان دەکات، ئایا هیچ شتێکی باشتر دۆزیوەتەوە لە ملکەچ بوون لە پێناو خوای گەورە ؟!

لە ئەبی نوجەید عیمرانی کوڕی حوصەینی خوزاعی -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئافرەتێک لە جوهەینەوە هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وسکی پڕبووە بەهۆی زیناوە، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من شتێکم کردووە کە دەبێت سنوورم (حەدم) لەسەر جێبەجێ بکرێت، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگی وەلی ئەمرەکەی (سەرپەرشتیارەکەی) کرد، و ووتی: «چاکەکار بە بەرامبەری، وئەگەر منداڵی بوو ئەوا بیهێنەرەوە»، ئەویش وایکرد، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد کە جلەکانی توند بە لاشەیەوە ببەسترێت، وپاشان فەرمانیکرد بە ڕەجم کردنی بۆیە ڕەجم کرا، وپاشان نوێژی لەسەری کرد، وعومەر پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خودا، نوێژی لەسەر دەکەیت لە کاتێکدا ئەو زینای کردووە؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بەڕاستی تەوبەیەکی کردووە ئەگەر دابەشبکرێت لە نێو حەفتا کەس لە خەڵکی مەدینە ئەوا بەشیان دەکات، ئایا هیچ شتێکی باشتر دۆزیوەتەوە لە ملکەچ بوون لە پێناو خوای گەورە ؟!».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئافرەتێک لە هۆزی جوهەینەوە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە سکی پڕ بوو بەهۆی زیناکردنەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، وباسی ئەوەی کرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە تاوانێکی کردووە پێویستە سنووری شەرعی (حەدی) لەسەر جێبەجێ بکرێت؛ ودەبێت لەسەری جێبەجێی بکات، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگی سەرپەرشتیارەکەی (وەلی ئەمرەکەی) کرد، وئامۆژگاری کرد بەوەی کە لەگەڵی چاکەکار بێت، وئەگەر منداڵی بوو بیهێنێت، وکاتێک منداڵی بوو؛ سەرپەرشتیارەکەی هێنای بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، بۆیە جلەکەی بە دەوردا پێچرایەوە بۆ ئەوەی لاشەی دەرنەکەوێت، وپاشان فەرمانی کرد بە بەرد ڕەجم کرا هەتاوەکو مرد، وپاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی لەسەر کرد ونزای بۆ کرد، وعومەر -ڕەزای خوای لێبێت- پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا نوێژی لەسەر دەکەیت لە کاتێکدا ئەو زینای کردووە؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو کە ئەو ئافرەتە تەوبەیەکی گەورەی کردووە ئەگەر دابەشبکرێت بەسەر حەفتا کەس لە تاوانباران ئەوا بەشیان دەکات وسوودیان پێدەگەیەنێت، ئەو هات بۆ ئەوەی ملکەچی فەرمانی خوای گەورە بێت ڕزگاری بێت لە سزاکانی تاوانی زیناکردن لە پاش مردن، بۆیە ئایا لەم تەوبەیە باشتر وگەورەتر هەیە؟

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3380

النجاة الخيرية ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية EDC E-Da'wah Committee